ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

49
10 ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری 2022

لەکاتێکدا چارەنوسی حکومەت و ئەزمونی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەلایەن خەلکەوە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئیسلامیەکانی کوردستان ئەرکی شەڕی خەڵک و دەسەلات، بۆ بابەتی فرەژنی دەگۆڕن!



## بەڵی فرەژنی جۆرێکە لە لەشفرۆشی"

خەسرەوسایە

بۆ لاپەڕە ٢



## نە تەنها دژی فرەژنی، بگرە دژی هاوسەرگیریی ئیسلامیش!

جەمال موحسین

بۆ لاپەڕە ٤



## مانگرتنی کرێکارانی ئێران و گواستنەوە بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی فراوان!

توانا حەمە نوری

بۆ لاپەڕە ٦

ووتەی دەشتی جەمال لە ساڵیادی تیرۆری کاوە گەرمیانی لە خۆپیشاندانی بەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە لەندن .. دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## مەترسیەکانی تورکیا و ئێران بۆسەر خەلکی هەرێم!



موحسین کەریم

هێرشە مووشەکی و چەکداریە بەردەوامەکانی تورکیاو ئێران بۆسەر کوردستانی عێراق لەلایەک و دانانی دەیان بنکەی سەربازی تورکیا و کردنەوەی دەیان بنکەی جاسوسی میتی تورکی و ئیتلاعاتی ئێرانی و باقی دەزگا جاسوسیەکانی دەولەتانی دیکە لەناو هەرێمی کوردستاندا، بارودۆخی سیاسی و ئەمنی کوردستانی عێراق و ژیان و گوزەران و ئاییندەی سیاسی دانیشتوانەکەی لەبەردەم هەرەشەیەکی بەردەوام و ئاییندەیەکی نادیار و لێڵدا ڕاگرتوە. هاوکاریی و خزمەتکاریی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بۆ ئەو دەولەتانە ئەوەندەی دیکە هەلومەرجەکەی بۆ خەلکی کوردستان سەختتر کردوە و توانا و ئامادەییەکانی ئەوانی بۆ هەرجۆرە بەرەنگاری و بەرگریەک بۆ دەستکوتاکردنی ئەو دەولەتانە لە دەستێوەردان لەکاروباری سیاسی و ئەمنی کوردستاندا لاوازو بێکاریگەر کردوە!

ئەگەر ئەم دەست ئاوەلاییەی ئەو دەولەتە بورژواییە کۆنەپەرستانە لە کاروباری کوردستانی عێراقدا بەردەوام مەترسی لەسەر ژیانی هاولاتیان دروست کردوەو تائێستا دەیان کەس بوونەتە قوربانی هێرشە مووشەکی و سەربازیەکانیان و دانیشتوانی ناوچە سنوریەکان بەردەوام لەبەردەم بۆردمان و هێرشی سەربازیدا ژیاون. هاوکات بوونی دەیان دەزگای جاسوسی ئەو دەولەتانە، خەلکی خستوتە ناو مەترسی پێکدادانی

بۆ لاپەڕە ٢

# دریژەی....... مەترسیەکانی تورکیا و ئێران بۆسەر خەڵکی هەرێم!

بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەتانە، کە هەندێکیان لەسەر حسابی ژیان و چارەنوسی سیاسی و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان تەواوبوون. سەرەڕای ئەوانە، مەترسی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی گشتی کوردستان لەئاکامی دەستێوەردانی ئەو دەوڵەتانە لە ململانێیٚ نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکان و باقی هێزە میلیشیاییەکانی کرێگرتەی خۆیان، هەمیشە لەئارادا بوەو بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە دێت و دەچێت! بەردەوامبوونی ئەو دۆخە بەوجۆرەی ئێستا، سەرباری مەترسی و زیانە مادی و مرۆییە جۆرواجۆرەکانی، مەترسیەکی زۆر گەورەتر لەسەر ئایندە و بڕیاری سیاسی خەڵکی کوردستانی عێراق دادەنێت. ئامادەبوونی بەردەوامی هێزو سوپا و دەزگای جاسوسی ئەو دەوڵەتە بۆرژواییە کۆنەپەرستانە لە کوردستان، ڕێگریەکی گەورەو خەتەرناک دەبێت لەبەردەم خەبات و تێکۆشانی خەڵکدا بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی خۆیاندا. مەترسی جدین لەسەر هەرجۆرە بزوتنەوەیەکی شۆرشگێڕانەو کرێکاری و یەکسانیخوازی و ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان و پایەیەکی بەهێزی هێشتنەوە و پەرەدان بە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی سیاسی و زاڵکردنی فەرهەنگ و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە و بەها دژە مرۆییەکان و کۆمەککردن بە بزوتنەوە سیاسیە کۆنەپەرستە دینی و قەومیەکان. بوونی ئەم هێزانە مانای پێشێلێکردنی هەرجۆرە ئیرادەیەکی سەربەخۆ و شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە بۆئەوەی دەورو نەخشیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیان و سیاسەت و دەسەڵاتدا. بێجگە لەوەی کە ئەو دەوڵەتانە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان لەپاڵ حزبە دەسەڵاتدارەکانی خزمەتکاری خۆیاندا رادەوەستن دژ بە هەوڵەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بۆ باشکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەران و دەستراگەیشتن بە ماف و ئازادیەکانیان.

بەمجۆرە، بەشێک لە ئەرکی خەباتکارانەی هەر هێزێکی سیاسی کۆمۆنیستی و کرێکاری و هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست و هەروەها ئەرکی سەرشانی خەڵکی کوردستانە کە بەرامبەر مەترسیەکانی بوونی سیاسی و سەربازی و ئەمنی ئەو دەوڵەتانە لە هەرێمی کوردستان هەستیاربن و بەرپرسانە مامەڵە بکەن. هەرجۆرە خەمساردی و بێدەربەستیەک بەرامبەر بەو مەسەلەیە باجەکەی لەدوارۆژدا گرانتر و چارەسەرکردنەکەشی ئاڵۆزتر دەبێت. دەبێت خەڵکی کوردستان خۆیان دەسەڵاتی تەواویان هەبێت بەسەر بڕیاردان لەسەر شێوازی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی و شێوازی دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا. دەبێ دەستی هەموو دەوڵەتەکان و دەزگا جاسوسیەکانیان لە هەرێمی کوردستان کۆتابکرێت. دەبێ داخستنی بنکەی جاسوسی دەولەتەکان، چوونەدەرەوەی پایەگای سەربازی و چەکداریيان، دەستێوەردانیان لەکاروباری سیاسی و ئەمنی کوردستانی عێراقدا، ببێتە بەشێک له خواستەکانی خەڵکی کوردستان لەپاڵ خواستەکانی دیکەیان بۆ باشبوونی ژیان و گوزەران و ماف و ئازادیەکانیان. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە هەرجۆرە خەباتێک بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی ئەو دەوڵەتانە لە هەرێمی کوردستان، بەندە بە توندکردنەوەی خەباتی خەڵک دژ بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و تەریکردنەوەی ئەو هێزو لایەنە کۆنەپەرستانەی دیکە کە ڕاستەوخۆ گرێدراون بە بەرژەوەندی و ئەجێندای سیاسی و ئەمنی ئەو دەولەتانەوە. بۆیە خەباتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی کوردستان دژ بە دەسەڵاتی خۆماڵی بۆرژوازی بۆ گۆڕانکاری و بەدەستەوەگرتنی ئیرادەی سیاسی لەگەڵ خەبات بۆ کردنەدەرەوەی نفوزی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی بۆرژوایی ناوچەیی و جیهانی پێکەوە گرێدراون و لێکدانەبڕاون.

★

ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

oct.1917@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

# بەڵی فرەژنی جۆرێکە لە لەشفرۆشی"

## خەسرەوسایە

"شکاتەکەی "یەکیەتی زانایانی ئیسلامی"، لە شیلان حەمە نوری، بەهۆی ئەوەی کە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتویەتی "فرەژنی جۆرێکە لە لەشفرۆشی"، ئەڵقەیەکی ترە لەو کەمپینە دژی ژنەی ئیسلامیەکان کە ماوەیەکە بۆسەر مەدەنیەتی کۆمەلگا دەستیان داوەتێ. سەرەتای ئەم کەمپینە بەراوەستانەوە بەرامبەر بە گۆڕانکاریەکان لەبابەتەکانی خوێندن دەستی پێکردو ئینجا لەدژی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی خۆی کێشایە پەرلەمانەوە و دواتریش بەڕووی "چەمکی جەندەر"دا تەقیەوەو لەدوا وێستگەیدا، مەلایەک لەسەیدسادقەوە، سەری لەدادگای عێراق دەرهێنان و لەچوارچێوەی دەستورێکدا کە شەریعەتی ئیسلامی کردۆتە سەرچاوەی یاسا، ئەو مافەی لەژنان سەندەوە کاتێک کە پیاوان ژنی دووەم بهێنن، نەتوانن داوای جیابوونەوە بکەن. ئەمەش بووە مایەی بێزاری و دەنگهەڵبڕینی ژنان و پیاوانێکی ئازادیخواز و داکۆکیکار لەمافە مەدەنیەکانیان.

بالەوە بگەڕێین کە لەم کەمپینەدا، ڕەوتە ئیسلامیەکان و مەلاو بانگخوازان و حاجی کاروانەکان و هەموو ئەوانەی کە ترسیان لێنیشتوە بەوەی کە جەندەرو مافەکانی ژنان، دەسەڵاتی ژنان بەسەر پیاوانەوە زاڵ دەکاو "خێزانی ئیسلامی" هەڵدەوەشێنێتەوە، دەستیان بۆ چ ئاستێکی بالا لەجنێوفرۆشی و شەخسیەت شکاندن و سوکایەتیکردن و تەنانەت هەڕەشەکردن لە هەڵسوراوانی ژنان بەرێخست، بەڵام ئەوەی لە شکاتەکەی یەکێتی زانایانی ئیسلامیدا بەرجەستەیە، ئەوەیە کە ئەم ئاخوندە نەزانانە کە خۆیان ناوناوە زانا، لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی فرەژنی، دەنگی ئەو ژنانە ببەستێت کە ئەم دیاردە قێزەونە، کە شەریعەت بۆ حەزی پیاوان پیرۆزی کردوە، قەبوڵ ناکەن و نایانەوێت لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلامی"دا، بێحورمەتیان پێبکرێ و ببنە بابەتێک بۆ حەزی پیاوان و کەسایەتیان لێبسەندرێتەوە. بەتایبەتی فرەژنی، لەپاڵ مارەبڕینی کچانی منداڵ بەشەرعی مەلا، زەواجی سیغەو مسیاردا، بەئاشکرا و بەبێ بازاڕی کڕین و فرۆشتن، کە ژنان تێیدا دەبنە کالا، سەرناگرێ. هەربۆیە شیلان حەمە نوری راستی وتووە کە فرەژنی شێوەیەکە لەشێوەکانی لەشفرۆشی.

بەڵام هۆکاری ئەوە چیە کە لەم بابەتەدا، یەکێتی زانایانی ئیسلامی، پەنا بۆ دادگا دەبات؟

وەزارەتی ئەوقاف و یەکیەتی زانایانی ئیسلامی وەک بەشێک لەپێکهاتەی حکومەت و سیستەمێکی حوکمرانی کە بۆرژوازی کوردو حزبەکانی جێگایان بۆکردۆتەوە، جگە لە وەزیفەی بلاوکردنەوەی خورافات و دواکەوتویی و ڕاوەستان لەپشتی ئیسلام و شەریعەتەکەی ئەرکێکی تریان نیە. ئەم دەزگایانە، کەوەزیر و دەیان راوێژکار و هەزاران مەلاو کارمەندی موچەخۆری وردو درشتی لەسەر حسابی دهات و ڕەنجی هاوڵاتیان دامەزراندووە، هیچ خزمەتگوزاریەک پێشکەش ناکەن و هیچ ڕۆڵێکیان نیە لەراپەراندنی ویستەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی کوردستاندا، بگرە کاریان ئەوەیە خورافەو ژەهری کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و فەرهەنگی هەزاران ساڵ لەمەوبەر ڕەواج پێبدەن و لەرای گشتی کۆمەلگادا موقەدەسی بکەن و هەرکاتێکیش چینی دەسەلاتدار لەتەنگانەدا پێویستی پێبوو بەریبدەنە گیانی خەلکەوە. بەواتایەکی تر وەزارەتی ئەوقاف و یەکێی زانایانی ئیسلامی لەزگەیەکی زیادەن و ئامرازێکی دەستی دەسەلاتن بۆ سەرکوتی خەلک و پاشەکشەپێکردنی ڕەوتی ئازادیخوازی و نارازی بەم دەسەڵات و سیستەمە، کە بۆرژوازی کوردو حزبەکانی دایانمەزارندووە.

لەفەزای سیاسی ئێستای کوردستاندا، کە چینی دەسەلاتدارو حزبەکانی گیرۆدەی قەیران و لێکترازانی ڕیزەکانیانن، لەکاتێکدا کە نارەزایەتی خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش هەررۆژە یەخەی دەسەلات لەسەر نان و کارو ئازادی دەگرێ، لەکاتێکدا کە چارەونسی حکومەت و ئەزمونی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەلایەن خەلکەوە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەوە یەکێتی زانایانی ئیسلامیە کە ئەرکی شەڕی خەڵک و دەسەلات، بۆ بابەتی فرەژنی، دەگۆڕێ و وەک تەرەفێک لەکەمپینی ئیسلامیەکاندا بەدژی مافەکانی ژنان دێتەمەیدانەوە. بەدڵنیاییەوە شاریبوون و مەدەنیەتی کۆمەلگای کوردستان فرەژنی قەبوڵ ناکات و ناتوانرێ ژیانی خەڵکی کوردستان بەیاساو ڕێسای چەندیدن سەدەی رابردوو لەقالب بدرێت وەک ئەوەی "زانایانی ئیسلامی" پیرۆزیانکردووە، مەگەر ئەوەی سەرکوتگەری چینی دەسەلاتدار، تا ئەو ئاستە بڕوات هەناسەی ئازادی لەژنان و پیاوان و بزوتنەوەی ئازادیخوازی و خەلکی نارازی بەیەکجاری بگرێ.

⇦

بەلام ئەم بابەتە هەر بەوەندەوە ناوەستێ، بەتایبەتی کاتێک کە ڕۆژنیە لەمیدیاکانەوە نەبینین و نەبیستین کە سەرۆکی هەریم و حکومەت و سەرانی دەسەلات، بەقاتوڕیباتەوە دەرنەکەون و باس لەپرسی ژن نەکەن و خۆیان وەک لایەنگری مافەکانی ژنان لەئاست ولاتانی دەرەوەدا دەرنەخەن، کەچی لەبەرامبەر ئەو هەموو سوکایەتی و بێڕیزیەی کە ئیسلامیەکان بەژنان و خەڵکانێکی سکولار و مەدەنی دەیکەن، بێدەنگن و هیچ کاردانەوەیەک لەخۆ نیشان نادەن. ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە دەسەلات خۆی لەپشت کەمپین و پەلامارەکانی ئیسلامیەکانەوەیە و هەر خۆی یەکێتی زانایانی ئیسلامی بەرداوەتە گیانی ئەو ژنانەی فرەژنیان قەبوڵ نیە، تا هەم دڵی ئەو حزبانەی لەپەرلەمان کشاونەتەوە رازی بکا و هەم دۆخەکە لەدژی ژنان و نارەزایەتیە جەماوەریەکان تەنگ بکاتەوە.

بەدڵنیایەوە شیلان حەمەنوری هیچ تاوانێکی نەکردوە وئازادانە رای خۆی ووتوە و داکۆکی لەکەسایەتی ئینسانیی ژن کردووە، کەوایە ئەوە ئەرکی هەر ئینسانێکی ئازادەیە، لەپاڵ شیلاندا بەوتنی " فرەژنی جۆرێکە لە لەشفرۆشی" لەبەرامبەر شکاتەکەی یەکێی زانایانی ئیسلامی و حکومەتەکەی ڕاوەستێ.

٩/١٢/٢٠٢٢

# نە تەنها دژی فرەژنی، بگرە دژی هاوسەرگیریی ئیسلامیش!

**جەمال موحسین**

بەبۆنەی بڕیاری کۆنەپەرستانە و دژی ژنانەی دادگای فیدراڵی عێراقەوە کە گوایە ئەگەر ژنێک ژنی دووەمی بەسەر هێنرا مافی داواکردنی جیابوونەوەی نییە، مشتومڕێکی کۆمەڵایەتی دروست بووە. لەلایەک لایەنگرانی شەریعەتی ئیسلامی و بێگومان بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی پێداگری لەسەر فرەژنی ئەکەن و لەلایەکیشەوە ئازادیخوازان تا ئەوپەڕی ڕادە فرەژنی ڕەت ئەکەنەوە کە بە دیاردەی لەشفرۆشی ئەچوێنن. من لە بەرەی دووەمم! من لاموایە نەک تەنها فرەژنی، یانی ڕیزکردنی چەند ژنێک لەلایەن پیاوێکەوە لەبەرئەوەی پارە و سەرمایەی هەیە، دیاردەیەکی دژ بە مرۆڤدۆستی و یەکسانی مرۆڤەکانە، خودی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ئیسلامی ڕیشەیەکی ئەچێتەوە سەر لەشفرۆشی بەمانای کڕین و فرۆشتن، بەمانای بوونی کۆنتراکتێکی نرخ و بەها دانان بەرامبەر بە کاڵایەک، کە لەم ڕوانگەیەوە ژنە!

فرەژنی یانی فرە موڵکی. لە ڕوئیا و دونیابینی ئیسلامیدا ژن موڵکی پیاوە، موڵکی خێزانە. خێزان پیرۆزە لای ئیسلام بەمانای یەکەیەکی پێکهاتوو لە دەسەڵات کە ئەمیش هی ڕەگەزی نێرە، پیاوە. پیاوی باڵادەست کە باوکی خاوەن دەسەڵاتە و کەسی یەکەمە، نانئاوەری سەرەکی ماڵ و خێزانە بەو مانایەش خاوەنی ئەندامەکانیەتی. کاتێک مەسەلەی هاوسەرگیری دێتەپێشەوە جا چ بڕێک ئارەزوومەندانە بێت یاخود زۆرەملێ، ئەو هۆکاری موڵکایەتیە دووبارە دێتەوە پێشەوە، ئەمجار وەرچەرخان لە باوکەوە بۆ مێرد. لە خێزانی ماڵە باوکەوە بۆ خێزانی خۆ، بە گۆڕینی خاوەنەکەیەوە، کە پیاوە و دەسەڵاتدارە لەو دونیابینیەدا. لەم سیستمی پیاوسالاریەدا پیاو تەنها لە خێزاندا سەروەر نییە بگرە لە کۆمەڵگەشدا ئەبێ ئەو پێگەیەی هەبێ، وەک لە مەقاماتی دەسەڵات و هەتا جومگە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە.

فرەژنی هێندە دیاردەیەکی ناپەسەندە بە هیچ پاساوێک ناتوانرێ وەک نۆرمێکی ئاسایی و پەیڕەولێکراو بە کۆمەڵگە بقەبڵێنرێ ئەگەر دەسەڵات و یاسا بە تەواوەتی لە پشتی نەبێ. بوونی پاساوی لەچەشنی نەبوونی و ناچاری ئابوری یاخود ڕێژەی زیاتری مێینە زۆر لەوە پوچترە ئەو مافە بدات بە پیاو بۆ ئارەزووەکانی خۆی سیان و چوار ژن ڕیز بکات (هەرچەندە بیانوی زۆریی ژمارەی مێینە زۆر لەوە بێناوەڕۆکترە کە تەنانەت بە ئاماریش بسەلمێنرێ). ئەو بەندانەی نێو ئایەتەکان و ئەو سونەتانەش کە ڕەوایەتی بەمە ئەدەن بەغەیری خۆجووتکردن لەگەڵ دامرکاندنەوەی ئەم ئارەزووە سێکسیەدا هیچی تر نییە کە ئاکامەکەی ژێردەستەیی و ژێرچەپۆکیە بۆ ژنان. تا ئێرە لەسەر دیاردەی فرەژنی با بەس بێت و بچینە سەر خودی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام (کە لە ڕاستیدا لە بەشێک لە ئاینە ئاسمانیەکاندا لەمە باشتر نییە).

یەکێک لە پایە بنەڕەتیەکانی هاوسەرگیری لە بنەماکانی ئیسلامدا مارەییە. کراوە بە ئەرکێکی سەپێندراو و لەڕاستیدا مەرجێکی شەرعی و یاساییش کە ژن و پیاو گرێبەستێک بکەن وە ئەبێ لەو گرێبەستەدا باسی مارەیی، چ پێشەکی و چ پاشەکی، بە ڕۆشنی بکرێت. لەژێر هەر ناوێکدا بێت و هەر پاساوێکی بۆ بهێنرێتەوە کە گوایە ئەمە بە قازانجی ژنە تاکو گوایە ئەگەر لە پیاوەکەی جیابۆوە و بێسەرپەرشت بوو، پارەی خۆی هەبێت وە گوایە ئەمە نرخ نییە لەبەرامبەر ژنەکەدا. لە کاتێکدا هەمووان ئەزانن ڕاستیەکەی

ئەوەیە کە ئەوە بۆ بەستنەوەی پیاوەکەش و ژنەکەشە بە سزایەک کە لەسەر ڕەفە دانراوە و ساز و ئامادەیە. جا پیاوەکە بۆئەوەی ئەو سزایە نەیگریێتەوە ئەگەر شەق و لیٚدان و سوکایەتی و دەستدریٚژیش بکاتە سەر هاوسەرەکەی، ژنەکە وا ئاسان ناتوانیٚ بچیٚتە بەردەم دادگا و داوای جیابوونەوە بکات، ئەگینا ئەو نرخەی کە لەبەرامبەر ''خەسارەت لیٚکەوتندا'' بۆی دانراوە لە دەستی ئەدات! ئەم گریٚبەستە وەک هەر گریٚبەستیٚکی تر بەستنەوەی هەردوو لایەنە بە مەرجیٚکی ئابوری، مەرجی ئابوری نیٚو هەر گریٚبەستیٚکیش یانی کڕین و فرۆشتن. بۆ پیاو وا ئەکەویٚتەوە کە خزمەتگوزاریەکی سیٚکسی کڕیبیٚ و وەک عامیی وتنەی ''شاباشی خۆی داوە و قنج هەڵئەپەڕیٚ''! بۆ ژنەکەش لەبەرامبەر ئەو خزمەتەدا کە پیٚشکەشی ئەکات نرخەکەی، واتە مارەیی، بۆ دانراوە. ئایا ئەم ساتوسەودا و مامەڵەیە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئەوەدا کە لە کاتی لەشفرۆشتن و لەشکڕیندا ئەکریٚت؟! مارەیی دانانی نرخە، کە پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو دوو کەسە چەندە بە خۆشەویست و ڕیٚز یەکیان هەڵبژاردووە یان نا، بگرە نرخیٚکە لە خودا و ئاسمان و شەرعەوە دانراوە و مەلا و دادوەرەکانیش ئیمزاکەی ئەکەن و ڕۆڵی نیٚوەندیگەر (دەلاڵ) ئەبینن.

هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ئیسلام و مەرجدارکردنی بە گریٚبەست و مارەییەوە، مامەڵە و ساتوسەودایەکە کە دوورە لە هەست و ڕیٚزی مرۆڤەکانەوە. سەپاندنی ئەم مەرجانە کە بۆتە یاسا و کەلتور و فەرهەنگ و نۆرمی باوی کۆمەڵگەی ئیٚمە، واتای سەپاندنی مەرجەکانی کڕین و فرۆشتنی خزمەتگوزاری سیٚکسی، بۆچی ئەبیٚ قبوڵ بکریٚ و وەک شتیٚکی ئاسایی لە قەڵەم بدریٚ؟

بەبڕوای من هەرجۆرە مامەڵەکردن و سەودایەک لە هاوسەرگیریدا وەک مارەیی (وە هەتا شیربایی و جیازی هەرچەندە کەمیش بووبیٚتەوە) پیٚویستە هەڵبوەشیٚتەوە و قەدەغەبکریٚت. ئەوەی دوو کەس خۆیان پیٚکەوە ئازادانە بڕیاری ژیانی هاوبەش بدەن تەنها تۆمارکردنی لە سجلی فەڕمی دەوڵەتیدا وەک هاوسەر و هاوژینی کافیە و نابیٚ هیچ جۆرە فشاریٚکی ئەخلاقی و ئاینی و شەریعەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر هیچ لایەکیان هەبیٚت.

ئەوەی ئیٚستا دەسەڵاتی فیدراڵی بە یاسا مافی فرەژنی بە پیاو ئەدات و مافی جیابوونەوەش لە کەسیٚک ئەسەنیٚتەوە کە ژنی دووەمی بەسەردا دیٚت و دەسەڵاتی کوردستانیش بیٚورتەیە لەبەرامبەر ئەمەدا و ئیسلامیەکانیش کەوتوونەتە شلکردنەوەی بەنەخویٚنی پیاوان، دەستدریٚژیەکی ئاشکرایە بۆ سەر شکۆی ژنان و کۆمەڵگەش بەگشتی و بە هیچ جۆریٚک نابیٚ قبوڵ بکریٚ. نەک هەر تەنها فرەژنی، بگرە خودی هاوسەرگیری ئیسلامیش پیٚویستە هەڵبوەشیٚتەوە و ژنان و کۆمەڵگە لەبەرامبەریاندا بپاریٚزریٚن. ئەرکی هەر کەسیٚک، سەر بە هەر ڕەوت و بۆچوونیٚکی فیمینیستی بیٚت، هەر ئازادیخواز و یەکسانیخوازیٚکە هیٚرشی بەرامبەر دەست پیٚبکات و لە دژی هاوسەرگیری ئیسلامی خەبات و تیٚکۆشان دەست پیٚبکات. ئەوکات فرەژنی پیٚش هەر شتیٚک هەڵئەپیٚچریٚ و ناهیٚڵریٚ.

دەسەڵاتیش مافی نییە مینبەر و دامودەزگا بخاتە بەردەم و دەستی ئیسلامیەکان و ئەو یەکیٚتی زانایانی ئیسلامی و بانگخوازانەی بەئاشکرا بانگەشە بۆ ئەم دەستدریٚژیە بۆ سەر ژنان و کۆمەڵگە ئەکەن. بەرپرسی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتە کە ئەوان جورئەتی ئەم هیٚرشانەیان پەیدا کردووە.

**١٠ ی دیسیٚمبەری ٢٠٢٢**

**حزبی کۆمۆنیستی کریٚکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کریٚکار، خەبات دەکات بۆ ڕیٚکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەپیٚناو هەڵپیٚچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکریٚ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی. شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕیٚگای هاتنەمەیدانی چینی کریٚکار و جەماوەری ستەمکیٚش، لە ڕیزیٚکی ڕیٚکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کریٚکاردا مەیسەردەبیٚت؛ بەم پیٚیەش پیٚشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاویٚکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجیٚکی سەرەکی پیٚشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کریٚکار و جەماوەری زەحمەتکیٚشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهیٚزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستیٚکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجیٚکی سەرەکی پیٚشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کریٚکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپیٚی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسیٚسیٚکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پیٚشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفیٚستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگیٚڕانە"**
**پەسەندکراوی کۆنگرەی پیٚنجەمی حزبی کۆمۆنستی کریٚکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# مانگرتنی کرێکارانی ئێران و گواستنەوە بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی فراوان!

## توانا حەمە نوری

مانگرتنی کرێکاران لە ئێران لە زیادبووندایە. لەماوەی ڕۆژانی دوای مانگرتنە گەورەکەی کرێکارانی تواندنەوەی ئاسنی ئەسفەهان لە ١٥ و ١٦ نۆڤەمبەر، کرێکارانی ژمارەیەکی زۆری کارگە و کۆمپانیا پیشەسازی و بەرهەمهێنانەکان و کەرتی خزمەتگوزاری مانیان گرتووە. داخوازییەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی داخوازی ئابووری و پیشەییە. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا مانگرتنی کرێکاری لەگەڵ گردبوونەوە و لە هەندێک حاڵەتدا بەڕێپێوان و وتنەوەی دروشم دەستیپێکردوە. مانگرتن و گردبوونەوە و نارەزایەتی کرێکاران لەدۆخێکدایە کە خرۆشان و پێکدادانی شەقام و خۆپیشاندانی جەماوەری شارەکانی سەرانسەری ئێرانی گرتووەتەوە و کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانکاری جیددی هەنگاودەنێت.

بۆ دابینکردنی خواستەکانیان، کرێکاران لەم یان ئەو ناوەندی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییدا نارەزایەتیان دەربڕیوە. هەر لە مانگرتنی گەورە و زۆر گرنگی کرێکارانی پرۆژەی پیشەسازی نەوت لە ١٠ و ١١ی ئۆکتۆبەر کە بەهێز و توندوتیژی و درندەییەکی توند سەرکوت کرا، تا مانگرتنی گەورەی کرێکارانی تواندنەوەی ئاسن. لەو نێوەشدا نزیکەی هەموو ڕۆژێک شاهیدی مانگرتنی کرێکاران بووین بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین پرۆسەی مانگرتنی کرێکاری بە ڕوونی زیادی کردووە.

بەدوای مانگرتنی کرێکارانی تواندنەوەی ئاسنی ئەسفەهان، شەپۆلێکی مانگرتن و دەستلەکارکێشانەوە بەشێکی بەرچاوی ناوەندە پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکانی ئێرانی گرتەوە. هەروەها شۆفێرانی کۆمپانیاکانی گواستنەوەو بارهەڵگریش بە مانگرتنی کرێکارانەوە پەیوەست بوون. زۆرینەی ئەم مانگرتن و گردبوونەوە کرێکاریانە لەو کارگە و کۆمپانیا پیشەسازی و بەرهەمهێنەرانەدا بووە کە لەڕووی بەرهەمهێنانەوە گرنگن و ڕێژەیەکی بەرچاو لە کرێکاران کاریان تێدا دەکەن. وەکو کارگەی تواندنەوەی ئاسنی ئەسفەهان کە ١٤ هەزار کرێکاری هەیە و کۆمەڵگەی پیشەسازی ئەلەمنیۆمی باشوور کە گەورەترین کۆمپلێکسی ئەلەمنیۆمی ئێرانەو زیاتر لە دوو هەزار کرێکاری هەیە. هەروەها پیشەسازی پترۆکیمیایی مەسجد سلێمان کە بە ٨٠٠ کرێکار دەستی پێکرد و ئێستا زیاتر لە ٤٥٠٠ کرێکار و کارمەندی هەیە. کۆمپانیای پیشەسازی دیزڵ و بەهمەن مۆتۆرز، کە بەهەمن مۆتۆرز لقێکی "گرووپی پیشەسازی بەهمەن"ەکە ٤٠٠٠ کرێکار و کارمەندکاری تێدا دەکەن. کۆمپانیای کروز پارتس کە یەکێکە لە گەورەترین دابینکەرانی پارچەی پیشەسازی ئۆتۆمبێلی ئێران و ئەم کۆمپلێکسە زیاتر لە ١٢ هەزار کرێکاری هەیە و زیاتر لە ٧٠%ی کرێکارەکانیشی ژنن. پاڵاوگەی یازدەیەم (قۆناغی ١٣)ی کێڵگەی غازی باشووری پارس کە لە کەرتی سەکۆ و دامەزراوەکانی دەریایی، بۆری دەریایی، وشکانی و دامەزراوەی کونکردن کاردەکات، زیاتر لە ١٥ هەزار کرێکاری هەیە..

سەرەڕای سروشتی ئابووری زۆرینەی ئەو مانگرتنانە، بەڵام لەهەندێک حاڵەتدا کرێکاران ڕێپێوانیان کردووە و دروشمی سیاسی هاوشێوەی ئەو دروشمانەیان بەرزکردۆتەوە کە لە شەقامەکاندا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە ووتراونەتەوە. بۆنموونە لە کۆمپانیای پارس ئەمپۆل ساوە، دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" وترایەوە. دروشمی کرێکارانی تواندنەوەی ئاسنی ئەسفەهان "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" بوو لە مانگرتن و گردبوونەوەی رۆژی ٢١ی نۆڤەمبەردا. دارشتنی دروشمی سیاسی لەژێر کاریگەری دروشمی جەماوەری سەر شەقام کە بۆڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر شەقام، شتێکی نوێ نەبوو. پێش ئەوە کرێکارانی کارگەی شوکولاتەی ئایدین لە مانگرتن و گردبوونەوەیان لەناوچەی کارگەکەدا دروشمی "لە کوردستانەوە بۆ تەورێز، هەژاری و گەندەڵی و جیاکاری"یان دەوتەوە. بەشە ناوخۆییەکان لە شوێنی کاردا دروشمی "ژن، ژیانی ئازادی"یان دەوتەوە و پێش هەموو شتێک و لە هەمووی گرنگتر کرێکارانی پرۆژەی پیشەسازی نەوت لە مانگرتنی سیاسی خۆیاندا لەڕۆژانی ١٠ و ١١ ئۆکتۆبەردا "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"یان وتەوە.

دەستپێکردنی ئەو شەپۆلە لە مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاری و بەهێزبوونی مۆرکی سیاسی لەناو نارەزایەتیەکانی کرێکاراندا لەجەرگەی خرۆشانێکی گشتی جەماوەریدا دژی هەژاری و بێکاری و گرانی و گەندەڵی و نەبوونی ئازادی و سەرکوتی سیاسی و ستەم و ئاپارتاید دژی ژنان و تاد.. نەک هەر بزوتنەوەی کرێکاری دژی رژێمی ئیسلامی سەرمایە بردۆتە قۆناغێکی نوێوە، بەڵکو گوژمێکیشی داوە بە خەباتی سیاسی گشتی ژنان و لاوان و جەماوەری خەڵک بەگشتی بۆ سەرنگونکردنی رژێمی ئیسلامی! زیادبوونی مانگرتنە کرێکاریەکان و دروشمە سیاسیەکان گوزارشت لەو ڕاستییە دەکات کە ⇦

کرێکاران وەک هەموو گەنجان و جەماوەری ستەملێکراو دەیانەوێت سیستەمی سیاسی ئێستا بگۆڕن.

بزووتنەوەی چینی کرێکار هەنگاوی بۆ مەیدانی سیاسەت و تێپەڕاندنی مەیدانی ئابوری ناوە. ڕەنگە هێشتا و لە کورتماوەدا شاهیدی مانگرتنی کرێکاری گەورە و سیاسی کرێکاری نەبین، بەڵام زەمینەی گواستنەوە لە مانگرتنی ئابوورییەوە بۆ مانگرتنی سیاسی ئامادەیە. چینی کرێکار لە ژینگەی کارەوە و لەو شوێنەی کە ئامراز و ئیمکاناتی ئەم خەباتە لەبەردەستدایە دەست بە خەبات دەکات و لە داواکارییە کۆنکرێتی و ئابوورییەکانیەوە دەست پێدەکات و هەر لەڕێیچکەی ئەم خەباتەیە کە خەبات و بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار پتەوتر دەبێت. لەغیابی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری جەماوەری، بزوتنەوەی چینی کرێکار هێشتا نەبۆتە بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ناکرێ ئینکاری ئەو ڕاستیە بکرێت کە مانگرتنی ئابووری و فراوانبوونیان بەتایبەت لەدۆخێکی شۆڕشگێڕانەی وەکو ئێستا دەتوانێت بە خێرایی بگۆڕێت بۆ مانگرتنی سیاسی و فراوانبونی بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار.

**سەرەتای دیسەمبەری ٢٠٢٢**

# پێویستی شۆڕشی کۆمۆنیستی*

## وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: جەمال موحسین

سەرئەنجام، لەو تێگەیشتنەوە لە مێژوو کە گەلاڵەمان کرد ئەگەین بەم ئەنجامانە:

١. لە گەشەی هێزە بەرهەمهێنەکاندا قۆناغێک دێتە پێشەوە کە هێزە بەرهەمهێنەکان و ئامرازەکانی تێکەڵبوون دێنە بوون، وە لە سایەی ئەم پەیوەندیانەدا تەنها بەدبەختی پێکدێ و بەمجۆرەش ئەو هێزانە چیتر بەرهەمهێن نین و بگرە تێکدەرن )یانی ئەبنە ئامێر و پارە) . هەر لە پەیوەست بەمەشەوە چینێک دێتە پێشەوە کە ئەبێ هەرچی قورساییەکانی کۆمەڵگەیە بیخاتە سەرشانی خۆی بێ ئەوەی لە سوودەکانی بەهرەمەند بێ، چینێک کە خراوەتە دەرەوەی کۆمەڵگە و ناچارئەکرێ بە بەرەنگاربوونەوە دژ بە هەموو چینەکانی تر. ئەم چینەش زۆرینەی تەواوی کۆمەڵگە پێک ئەهێنێ و هەر لەم چینەشەوە هوشیاری پێویستی شۆڕشێکی بنەڕەتی دێتەدەرەوە، واتە شۆڕشی کۆمۆنیستی کە بە دڵنیاییەوە لە چینەکانی تریشەوە سەردەردێنێ لە ڕێی وردبوونەوەی زیاتر لە هەلومەرجی ئەم چینە سەرەکیەوە.

٢. ئەو هەلومەرجانەی کە لە سایەیدا هێزی بەرهەمهێنی دیاریکراو هەیە و هێزی کۆمەڵایەتیان لە خاوەندارییەتیەکانەوە سەرچاوەئەگرێ، لە هەموو حاڵەتێکدا بەکردەوە و شێوەیەکی نموونەیی خۆی لە شێوەی دەوڵەتدا دەرئەبڕێ. وە هەر لەبەرئەوەشە هەر خەباتێکی شۆڕشگێڕانە لە دژی چینێکی دیاریکراوە تا ئەو کاتەی لە دەسەڵاتدا بووە.

٣. لە هەموو شۆڕشەکانی تا ئێستادا شێوازی چالاکی هەمیشە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە و تاکە مەسەلە لەوەدا ماوەتەوە کە ئەم چالاکیە بەشێوەیەکی جیاوازتر دابەشبکرێت، دابەشکردنێکی نوێی کار بۆ کەسانی تر. بەڵام شۆڕشی کۆمۆنیستی لە دژی شێوازی چالاکی پێشووتر ئاراستە ئەکرێ و کار هەڵئەوەشێنێتەوە و خودی چینەکان و دەسەڵاتی چینەکانیش هەڵئەوەشێنێتەوە چونکە ئەم شۆڕشە لەلایەن چینێکەوە پیادەئەکرێ کە ئیتر وەک چینێک بە حساب نایەت لە کۆمەڵگەدا و وەک چینێک ناناسرێ. لەوەش واوەتر خودی خۆی دەربڕینێکە بۆ هەڵوەشانەوەی هەموو چینەکان و هەموو نەتەوەکان و□ هتد لە کۆمەڵگەی ئێستادا.

٤. لە پێناو ئەوەی کە ئەم ئاستە جەماوەریە لە هوشیاری کۆمۆنیستی بەرهەم بێت و لە پێناو سەرکەوتنی خودی ئەم هۆکارەدا گۆڕانکاری مرۆڤەکان لە ئاستی جەماوەریدا پێویستە، گۆڕانکاریەک کە تەنها لە جولانەوەیەکی کردەییدا ڕووئەدات، واتە لە شۆڕشدا. هەر لەبەرئەوە ئەم شۆڕشە پێویستییەکە نەک تەنها لەبەرئەوەی چینی دەسەڵاتدار لەم ڕێیەوە نەبێ ناتوانرێ شکستی پێ بهێنرێ، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو چینەی کە شکستی پێئەهێنێ تەنها لە شۆڕشێکدا ئەتوانێ سەرکەوتن بە دەستبهێنێ و خۆی لە هەموو پۆخڵەواتەکانی سەردەمانی پێشوو ڕزگار بکات و بتوانێ کۆمەڵگە دووبارە بنیات بنێتەوە.

*** کارڵ مارکس: ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، بەشی یەک فیۆرباخ. دژوەستانەوەی دیدگای ماتریالیستی و ئایدیالیستی، بەندی پرۆلیتاریاکان و کۆمۆنیزم**

# ووتەی دەشتی جەمال لە سالیادی تیرۆری کاوە گەرمیانی لە خۆپیشاندانی بەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە لەندەن

ئامادەبوانی بەڕێز

من دەشتی جەمال لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرەتا سوپاسی رێکخەرانی ئەم خۆپیشاندانە دەکەم و ماندوو نەبونیش لە ئێوە دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوەو لێرە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و بۆ رێزگرتن لە یادی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێم کۆبونەوەتەوە.

هەموومان دەزانین کە خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی و ژیانێکی باشتر قوربانی زۆری داوەو ڕوبەروی کارەساتی مرۆیی و کۆمەڵکوژی بۆتەوە، کە هێشتا ئاسەواری ئەو کارەساتانە بەسەر ژیانی کەسوکاری قوربانیەکان ووەکو برینێکی ساریژ نەبوو لەناو دەرونیاندا ماوەتەوە. بەڵام بەداخەوە، ئەو حزب و هێزانەی کە لەئاکامی ئەو قوربانیانەوە بوونە دەسەڵاتداری کوردستان، نەک هەرچی هیواو ئومێدیکی خەڵکی کوردستان بوو بۆ ژیانی ئارام و ئازاد و شەرافەتمەند لەگۆڕیان نا، نەک خۆیان بوون بە خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدار و خاوەن ملیۆنەهاو ملیارەها دۆلار و ژیانی شاهەنەیان بۆ خۆیان و خێزان و نەوەکانیان مسۆگەر کردو خەڵکیان لەناو هەژاری و بێدەرەتانیدا گەمارۆ داوەو ئەو خزمەتگوزاریانەشی کە پێشتر خەڵک لێی بەهرەمەند بوون، لەناویان برد، بەڵکو هەرجۆرە داواکاریەکی خەڵکو نارەزایەتی و خۆپیشاندان بەرامبەر بەو ستەمەی لێیان دەکرێ، بە فیشەک و زیندانیکردن و ئەشکەنجە وەڵام دەدرێتەوە.

تیرۆری کاوە گەرمیانی، سۆرانی مامە حەمە، سردەشت عوسمان، و باقی رۆژنامە نوسانی دیکە لەبەرئەوە بوو کە گۆشەیەکیان لەو ناهەقی و ستەمەی ئەو دەسەڵاتەیان ئاشکراو و ریسوا کردوە. بەر لەوانیش هەر ئەم دەسەڵاتە بەرامبەر بە بەرگریکردنی ئێمە لە نان و گوزەران و کەرامەتی خەڵکی کوردستان، لە یەکسانی و مافەکانی ژنان و لاوان و منالان و کرێکاران، دەستی تیرۆریان بۆ هاوڕێیانی ئێمە درێژکرد و لە بادینان و و هەولێر و سلێمانی... چەندین هاورێی ئێمەیان تیرۆر کرد.. نەزیر عەلی لە بادینان، شاپور عبدلقادر و قابیل عادل لە هەولێر، شێخ عبدول ، هاوکار محمد، محمد مستەفا، هاوری لەتیف و ئومێد نیکبین، کامەران ئەسعەد یان بەرۆژی روناک تیرۆرکرد! ئەوە سەرەڕای دەیان تاوانی تیرۆری دیکە دژی هێزە سیاسیەکان و بگرە ئەنجامدانی تاوانی دیلکوشتن لە شەڕی نیوخۆی یەکێتی و پارتیدا!

ئەم حزبانەی کە ئێستا خۆیان بەسەر سنگی خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە، کۆمەڵێک مافیاو تالانچی و خاوەن کۆمپانیان کە هەموو جومگە ئابوری و سیاسیەکانی کوردستانیان بۆخۆیان قۆرغ کردوەو بەهەموو شێوەیەک خەڵکیان پەراوێزخستوەو ژیانێکی کولەمەرگی و نادیاریان بەسەردا سەپاندوون. لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو حزبانەدا چارەنوسی سیاسی و داهاتوی خەڵکی کوردستان تاریک و نادیارە. زوڵم و ستەمی ئەوانە کە وایکردوە بەهەزاران گەنج کوردستان جێبهێڵن و خۆتان بسپێرن بە مەترسیەکانی دەریاو رێگای هاتونەهاتی قاچاخ و تیاچوون و رەقبوونەوە لەسەرما.. تەنها بۆئەوەی ژیانێکی مرۆڤ ئاسا بۆ خۆتان دابین بکەن.. ئەم دەسەڵاتە میلیشیایی و مافیایەی کوردستان لەپێناو مانەوەی خۆیاندا سڵ لە ئەنجامدانی هیچ جۆرە تاوانێک ناکەنەوە. بۆیە کوشتاری خۆپیشاندەران، تێهەڵدان و سوکایەتیکردنی بە مامۆستایان و زیندانیکردنی خوێندکارانی زانکۆکان و .... بێدەنگ کردنی دەنگە ناڕازیەکان و تیرۆری نەیارانی سیاسی و رۆژنامەنوسان و.. تاد. بەشێکە لە بناغەی دەسەڵاتی مافیایی ئەوان و دەستبردن بۆ سەرکوت و کوشتار و زیندان بەشێکە لە جەوهەرو ماهیەتی سیاسی ئەوان.

بۆیە بۆ خەڵکی ئازادیخوازو ناڕازی و خوازیاری ژیانێکی مرۆیی و شایستە بە مرۆڤی سەردەم هیچ رێگایەک نەماوەتەوە بۆ رێکەوتن لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا تەنها ئەوە نەبێ کە بەهێزی یەکگرتووی جەماوەریان رایان بماڵن و هەروەکو چۆن ئێستا خەڵکی شۆرشگێڕی ئیران، ژنان و لاوان و خوێندکاران و کرێکاران هەموو هاتونەتە مەیدانی خەبات بۆ راماڵینی رژێمی تاوانباری ئیسلامی ئێران، بەهەمانجۆر خەڵکی کوردستانیش دەبێ دەستی ئەو دەسەڵاتە تالانچیە لە یەخەی خۆی بکاتەوەو خۆیان دەسەڵاتێک دابمەزرێنن کە خەڵک و بڕیاری خەڵک تێیدا سەروەر بێت نەک دوو بنەماڵەو چەند بنەماڵەی سیاسی و دزو مشەخۆر! هەربەجۆرە دەتوانرێ تۆڵەی خوێنی بە ناهەق رژاوی کاوە گەرمیانی و باقی قوربانیەکانی دەستی تیرۆری ئەو حزبانە بکرێتەوە.

بژی ئازادی... رووڕەشی بۆ تیرۆریستان و دەسەڵاتی تالانچی و گەندەڵی هەرێم

...سوپاستان ئەکەم.

☆